**د. عەبدولواحید و بەراوردێکی نالۆژیکانە..!**

هەڵۆ بەرزنجەیی ٢٠٢٢/٨/١٠




"نابێ دین بێت بەربەرەکانی بکات لە مافی میللەتێکی مەغدور ئەوەی خۆی دەکاتە لەمپەر لەپێش هەنگاوی کوردایەتی بە قەناعەتی من نوێژەکەشی دروستنییە، حەجەکەشی دروست نییە هەرچی ناوی لێ دەنێیی دروست نییە.. ئەوە ئیمانی ئەوەی بەناوی ئاینەوە کۆسپ و لەمپەر بێنێتە ڕێی کوردایەتی نە نوێژ و نە حەجی قبوڵ نییە ئەوە فیکری منە و ئەوە ئیمانی منە". مەسعوود محەمەد

(مەککە لە کوردستان پیرۆزترە)، گوتەیەکی بێ بنەمایە پێش چەند ڕۆژێک د. عەبدولواحید ! لە وەعزدانێکیدا بۆ کۆمەڵێ خەڵک ڕایگەیاند. سەرەتا ئەم بەراوردکردنە، چەند نائاوەزمەندانەیە ، سەد هێندە زیاتر هەڵگری نیشانە و ئاماژەکانی کردەوەیەکی خراپ و زیان بەخشە و ڕێک بەدڵی داگیرکەر و دوژمنانی کوردە..
حەکیم کاکەوەیس جوانی بۆ چووە ، "عارەب قورئانیان کردە تەوەری مانەوەی خۆیان و کارگەی توانەوەی میللەتان لە ناو خۆیان دا". بەتایبەت لەسەردەمی عومەری کوڕی خەتاب بەدواوە ئەم میکانیزمەی ئیسلام خراوەتە گەڕ، دەنا لە زۆر ڕەهەندا ئاین مانایەکی گەردوونی و نێونەتەوەیی هەیە، بەڵام عەرەب لە بەتاڵی هێزی کولتووری خۆیان بە ئاین پارسەنگی هەڵسانەوە و تێهێنانەوەی خۆیان بەجێگەیاندووە. تا ئێستاش بەهەر پێوەرێک بێت بۆیان چۆتە سەر و سەرکەوتوو بوون..
ناوبراو دەتوانێ بەلای کەمەوە بڵێ بەلای منەوە مەککە زۆرپیرۆزترە لە هەموو شوێنێ پیرۆزترە..!!
بەڵام ئەگەر هەر کەسێکی کورد شوێنێکی تری لە کوردستان لا پیرۆزتر بێت، دەبێت باوک و دایکیشی بخاتە ژێر هەمان حوکمی ڕەهای بەراوردکارییەوە، بەواتای پیاوێکی تر و ژنێکی تری لە باوک و دایکی خۆی لا خۆشەویستتر بێت!!... بەهەمان پێودانگ دەبێت منداڵی بێگانەی لەوەی خۆی لا شیرینتر بێت ..
من ناڵێم کوردستان لە فلان بستوکەی زەوی پیرۆزترە، بەڵام پارچەیەکە لە کەینوونە و بوونی ڕۆحی و جەستەم، نیشتمانە و دایکی گەورەمە و پیرۆزە و گەلێکیش پیرۆزە !!
با بگەڕێینەوە بۆ ئەو ڕاستییەی کە پێی وایە: هەموو گەردوون و بوونەوەر و زیندەوەران و تەواوی سروشت پێکرا ئافەریدەی دەستی خواوەندە، ئێ خۆ ئەو خالقە بانگاشەی بۆئەوە نەکردووە، ئەم شوێنە لە شوێنێکی تر پیرۆزترە! فلان دەڤەر چاکترە لە فیسار دەڤەر!.. دکتۆری ناوبراو دژی ناوەڕۆکی پەیامەکەی خالقیشە! ئەو دەستکاری کارەکانی خودا دەکات !.. دەیەوێ مەرامی ژەهراوی و تاڵی خۆی بە جوانی و شیرینی خواوەند پەردەپۆش بکەیت!!.. ئەی ئاینەکەی تۆ باوەڕت پێیەتی خۆی ناڵێ (حب الوطن من

الایمان) . دەبا گوێیەک لە هاوار و هیوای (مەلای گەورە) بگرین بزانین ئەو لە چ فۆڕمێکدا پەیام بۆ ڕۆڵەکانی نەتەوەکەی دەنێرێ:
ئەم خاکە دایکی تۆیە کەوتە دەستی ئەجنەبی
ئەی کوردی ساحێب غیرەت تۆ چلۆن ڕازی دەبی
*******

**بینە پۆلیس و عەسکەر بۆ خزمەتی مەفتەنی**
**سەعی و غیرەت بۆ وەتەن وەک ڕۆحە بۆ بەدەنی**
**دەماغی منداڵەکان پڕکەن لە حوبی وەتەن**
**تەربیەتیان باش بدەن میللییەتیان فێر بکەن**

دکتۆر ئەم خۆشەویستییەشی تێدا نییە، کە کۆڵەکەیەکی سەرەکی ئیمانیشە !جا تۆ بڵێی د. عبدالواحید لە مەلای گەورە موسڵمانتر و زاناتر بێت؟!...ئەی قورئان خەڵک هان نادات، داکۆکی لە نیشتمانی خۆیان بکەن! "دینداری بەرگریکردنە لە غەدرلێکراوان هەوڵی وەرگرتنەوەی ماڵی داگیرکراوە و کڕینەوەی شەرەفی پێشێلکراوە ". ح. کاکەوەیس.
دکتۆر ئەم سیفەتەشی تێدا نییە! کەواتە بەتاڵ و حەتاڵ لەو گۆڕەی!... ئەوەی ئەو ئەنجامی داوە بەرلەوەی هەرشتێ بێ، سیاسەتێکی ڕووت و حیزبایەتییەکی سەقەت و بازرگانییەکی چڵکنە لە پێناوی حەز و مەرامی خۆی و هاوشێوەکانیدا و بۆ پڕکردنی گیرفان و ورگ و وەرگرتنی خەڵات و پاداشتی ناحەزانی نیشتمانەکەیەتی.. ئەمەی گووتوویەتی ناردنی زیگنالە بۆ ئەوانەی قوڕمیشی کەسانێکی وەک ئەو دەکەن و ئەوانەی کێبەرکێ دەکەن لەسەر ناشیرینکردنی نیشتمان و بێ باوەڕ کردنی تاکی کورد بەو بەها پیرۆزە و سیمبۆلە نەمرە...ئەوانە دەست و ئامێزیان واڵاکردووە بۆ وەرگرتنی مەدالیای شەرمەزارییەکەی!!..
کورد و کوردستان لەمێژساڵە ڕووبەڕووی هەڵمەتی گەلەگورک و نەزان و دۆڕاوی لەم چەشنەی ئیمڕۆ بۆتەوە . دوێنێ بەناوی ئایدۆلۆژیاوە ڕۆژباشیان دەکردە تاکە کلاش!! و پۆل پۆرت ئاسا دەیانویست بە داسوچەکوش بەربنە گیانی خەڵک، ئیمڕۆ ناوبراو کە مەککەی لە کوردستان لا پیرۆزترە دەیەوێ ئێخەی کورد بگرێتەوە و بە داوایەکی سەقەت ماڵی کورد زیاتر لێک بترازێنێ . ....!
ئەو دەنگە ناسازانە گیانی ئارامی (شێخ سەعیدی پیران و شێخی نەهری و شێخ عەبدولسەلامی بارزانی و قازی محەمەد و مەلا مستەفا) و ( ئەحمەدی خانی و حاجی قادر و مەلای گەورە و شێخ مەعشوق خەزنەوی) و دەیان و سەدان کوردی موسڵمانی سەر بەرێبازی کوردایەتی بێزار و وەڕس دەکات.. ئەرێ بەڕاست ئیدی چۆن لەرووت دێ، باس لەکوردبوونی خۆت و مێژووی نەتەوەکەت و جوانی نیشتمانەکەت بکەیت؟؟!.. " برایینە.. نیشتمانەکەتان خۆش بوێت، نیشتمانەکەمان هەوارگەمانە، هەوارگەیەکە خوا "پێی بەخشیوین و تێیدا یەک خێزانمان دروست کردووە".. جۆزیف ماتزینی
باڵندە و گیان لەبەرکانیش هێلانە و زێدی خۆیان لا پیرۆزە و خۆشیان دەوێ، پێدەچێ دکتۆر هێشتا نەزانێ چ کفرێکی گەورەی بە هەقی کورد و خودی ئاینەکەی خۆیشی کردووە!... خۆ شاراوە نییە! هەموو ئەوانەی لە خوێن و ئێسک و خۆڵ و بەرد و کولتووری مەککەن، هەموو دەیانبینین تەنها عروبەچێتی و مەککەپەرستی بەڕێوە دەبەن!، زۆرینەی ڕەهایان! پیرۆزیی و پارە و پوولی مەککەش لە لەندەن و پاریس و بەرلین و ئەمستەردام بۆ شتە حەرامەکان تەخشان و پەخشان دەکەن..
دکتۆری بەڕێز.. بۆ نایەت سەرێ بەهەواری قومارخانە و یانەی شەوانی ئەم وڵاتانەدا بکەیت، تا ببینیت!!لەبەر ئەهلی مەککە!! ڕێ بەر ڕێبوارێکی تر ناکەوێت!. ئەمانە دروست ئیمانیان نەماوە، کەچی بەرگریی لە نیشتمان دەکەن ..
دکتۆر دڵنیابە..نە ئەو ڤایرۆس و میکرۆبەی تۆ بڵاوی دەکەیتەوە نەتەوەی کوردی سەربەرز نەخۆش دەکات و نە پروپاگەندەی لەم چەشنەی تۆ ڕاستی و جوانی هیچ کەس و لایەکمان لێ دەشارێتەوە.. هەروەک چۆن تۆ بە گووتەکەت هەندێ کەس رووگیر دەکەیت، تا دەستی ئەشهەدوبیلا بدەن بە پشت ملی خۆیاندا، بە هەق نمایشتەکەت سواو و بێ کەڵک بوو ..
"ئەوە کرۆکی کۆیلایەتییە و وەک شیرپەنجە گەیشتۆتە ئێسک.. ئەوە موالێتییە و لە کرۆمۆسۆمەوە پێی گەیشتووە" . کاکەوەیس.

جەماوەری کورد بەدرێژایی 2500 ساڵ زیاترە شەڕ لەسەر پیرۆزی هەر بستێک لە نیشتمانی دەکات و خوێنی هەزاران لە خوشک و برایانی بەسەردا ڕژاوە، نە تۆ دەتوانی ورەیان بڕووخێنی و نە ئەوانیش نرخی سەلکە پیازێکی ڕزیو بۆ وتەکەت دادەنێن.. ئاخر تۆ تەنانەت بەرانبەر بە نەتەوەکەت بنەمای ئاینەکەی خۆشت کە دەڵێ " اننا خلقناكم شعوبا وقبائلا لكى تتعارفوا" ئەوەش فەرامۆش دەکەیت.. ئەی بۆ ئاگادار نیت کە "الاكردا يتائم المسلمين" ە؟!... پیرۆزی نیشتمان و هەستی نەتەوایەتی و هەست و غەریزەی خۆشەویستی باوک و دایک ئەوانە سروشتین ماکێکی ڕەسەنی بوونن لای مرۆڤ و بوونەوەرانی دیکە ..!
بنۆڕە مامۆستا مەسعوود محەمەد چ دەڵێ: "بەلای منیشەوە قودسیەتی کوردایەتی وەک قودسیەتی فەلەستین بەلای عەرەب و قودسیەتی ڤۆلگۆگراد بەلای ڕووسەوە ژووی هەموو شتێک دەچێتەوە. ڕەنگە لەمەدا هێشتان مافی تەواوی کورایەتییم بەکار نەهێنابێ چونکە من کە بێم لە بەراوردکردندا «کوردایەتی» بە «ڕووسایەتی» بگرم و لێی تێ نەپەڕێنم حیسابی زەعیفی کورد و هێزی ڕوسم لەبیر خۆم بردۆتەوە کە هەرگیز نابێ لەبیر بچێتەوە، چونکە پێویستە بەزەیی مرۆڤ بۆ مرۆڤی لێ قەوماو پتر بجووڵێ. ئەگەر کورد هێندەی ڕووس بەهێز بووبایە ڕووسیش وەک کوردی ئێستاکە ببایە "
لەوەش پتر مێژووی مرۆڤایەتی پڕە لە وانە و تاقیکردنەوە و ڕووداو و بەسەرهاتی گەورە و شکۆمەندی پیرۆزیی نیشتمان لای مرۆڤ و گەل و نەتەوەکان.. تۆ ئیمڕۆ جگە لە گیانی کۆسمۆپۆلیتی و داماڵەخاس بوون لەبەهای نەتەوەیی هیچ پاڵنەرێکی تر نییە، وا نابەرپرسانە و بێ شەرم و سڵەمینەوە، بە بوون و ماهیەتی خۆت و ڕووبەری وڵاتەکەتدا هەڵشاخێیت و ئەو وشە بێ مانایانە بدەیت بە گوێی ڕۆڵەکانی نەتەوەکەتدا ...لەگەڵ جۆزیف ماتزینی گەورەدا دەڵێین "هەر نیشتمانێ لە نیشتمانەکان کارگەیەکن لە کارگەکانی مرۆڤایەتی.."
جا بۆ ئەوەی لۆژیک بگەڕێتەوە بۆ هەواری بیرکردنەوەی دکتۆری بەڕێز، دەمێنێتەوە ئامۆژگاریی بکەین و پێی دەڵێین: دوور لە وروژاندنی سیاسی سەرگەرمی پیشەی پزیشکی خۆتان بن و کۆمەک و خزمەتی هەژاران و خەڵکی کوردستان بکەن، زۆر باشتر و سەرکەوتووتر دەبن و خێریشی زیاترە و بۆ ئەو دنیاشت بە سوودترە...
نابێت لەبیری خۆمانی بەرینەوە کەوا دەسەڵاتی کوردیش لەئاست کەمتەرخەمی بایەخ نەدانی بە بەها و چەمک و سیمبۆلە نەتەوەییەکان زۆر زۆر تاوانبارە و بەرپرسی یەکەمە ..
ئەم شتگەلە دەبوو بە یاسا ڕێکخرێن و روون کرێنەوە و بچەسپێن و کاریان پێ بکرێت.. تاوەکو مانا و بایەخیان مسۆگەر بێت و کەس نەیان بەزێنێ و سووکایەتییان پێ نەکات و هاوکات ڕێگریی لە زیانی لێکترازان و شپرزەیی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی و کولتووریی و سیاسی لە کوردستاندا بگیرێ..
دەنا بەردەوام ئەم سیمبۆلگەکە دەبنە کەرسەی بێ بەها کردن و گاڵتەجاری و پێخوستی مەرامەکانی داگیرکەران...